خاوەنی ئیمتیاز

جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر

بەختیار محەمەد

makhmur@yahoo.com

ژمارە (٣٥) **ڕۆژنامەیەكی ڕۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت** **نرخ (٥٠٠) دینار** **پێنج شەممە ١٥ / ٩ / ٢٠١١** **٢٤ی گەلاوێژی ٢٧١١**

لە ٩ مانگی ڕابردوودا تەنها (٢٥) چەكی قەرەبوو دابەشكراوە

تائێستا تەنها ئاوارەكانی قەزای مەخموور كەمترین چەكی قەرەبووی ماددەی (١٤٠)یان بەركەوتووە، لەكۆی گشتی (١٨) هەزار هاوڵاتی لەسنووری قەزای مەخموور كە مەشمولن بەماددەی ١٤٠، نزیكەی (١٤) هەزار هاوڵاتی ماون كە چەكی قەرەبوو وەربگرن، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ناوچەكانی دیكە كەمترین ڕێژەیە، بۆ نموونە لە (٩) مانگی ڕابردوودا تەنها (٢٥) چەكی قەرەبوو بەسەر ئاوارەكانی مەخموور دابەشكراوە، بۆیە ڕووی پرسیارمان ئاڕاستەی بەرپرسانو لایەنی پەیوەندیدار لەدەستەی گشتی ناوچە جێ ناكۆكەكانی كوردستان دەكەین كە تاكەی مەخموور فەرامۆش بكرێتو كەمترین چەكی قەرەبووی پێبدرێتو تەنانەت نووسینگەیەكیش نییە بۆ ڕای كردنی كارەكانی ماددەی ١٤٠ لەوناوچەیە؟!.

خەلیل پاڵانی:

لەو بارودۆخە هەستیارەی ئێستادا یەكڕیزی كورد زۆر گرنگە

٣ ⬅

سەید عەلی سەید ڕەمەزان:

تەعریب لەڕوانگەی ئایینەوە

٥ ⬅

لەجامی یەكێتی ئاسیا یانەی هەولێر هەنگاوێكی گرنگی نا

٧ ⬅

ئەمساڵ بەشی كوردیو عەرەبی كۆلێژی پەروەردە لەمەخموور دەكرێتەوە

تایبەت بەدەنگی مەخموور

دوای هەوڵێكی زۆر سەرەنجام سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەددین بڕیاری دا بەكردنەوەی هەردوو بەشی (كوردیو عەرەبی) كۆلێژی پەروەردە لەقەزای مەخموور، بۆ ئەم مەبەستە شوێنی تایبەتو مامۆستای وانەو چۆنیەتی هاتووچۆو شوێنی حەوانەوە دابین دەكرێت.

لەلێدوانێكی تایبەت بەڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور)، پرۆڤیسۆری یاریدەدەر (شادان جەمیل عەباس) ڕاگری كۆلێژی پەروەردە ڕایگەیاند "مژدە دەدەمە تەواوی هاوڵاتیانی مەخموور كەوا بڕیارماندا بە كردنەوەی هەردووبەشی (كوردیو عەرەبی) لەقەزای مەخموور، وەكو سەرەتایەك ئەم دوو بەشەمان كردۆتەوەو دواتر هەنگاوی دیكە دەنێینو بۆ ئەوەی لەداهاتوو مەخموور ببێتە خاوەنی زانكۆیەكی تایبەت بەخۆی". ڕوونیشكردەوە "سەرجەم ئامادەكاریو ڕێكارە یاساییەكان تەواوكراون تاوەكو لەمانگی داهاتوو ئەم دوو بەشە بكەینەوە"، گوتیشی "لێرەوە زۆر سوپاسی هەر یەك لەبەڕێزان سەرۆكی زانكۆی سەلاحەددینو بەرپرسانی قەزای مەخموور دەكەم كە هاوكار بوونە لەكردنەوەی ئەو دوو بەشە".

ڕاگری كۆلێژی پەروەردە ڕوونیشیكردەوە "كردنەوەی ئەم دوو بەشە دەبێتە هەنگاوێكی زۆرباش بۆ ئاوەدانكردنەوەو بوژانەوەی ئەو دەڤەرە، چونكە مەخموور ساڵانێكی زۆر غەدری لێكراوەو فەرامۆشكراوە، ئومێدەوارین بتوانین خزمەتی نەوەكانی ئەم ناوچەیە بكەینو خۆشبەختانە كۆمەڵێ مامۆستا ئامادەباشی خۆیان دەربڕیوە تا لە مەخموور خزمەت بكەنو نەوەكانی ئەو ناوچەیە ئاشنابكەن بە زانستو زانیاری سەردەم".

جێگەی باسە سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەددین بڕیاریداوە قۆناغی یەكەمی هەردوو بەشی كوردیو عەرەبی لەهەولێر بگوازرێیەوە بۆ شارۆچكەی مەخموورو بۆ ئەم مەبەستە لەكاتی پڕكردنەوەی فۆرمی وەرگرتن لەناوەندی وەرگرتنی هەولێر ناوی مەخموور خراوەتە ناو لیستی ناوەكان.

د. شادان جەمیل عەباس

لەكۆڕێكی جەماوەریدا

خەڵكی مەخموور كێشەو گرفتەكانیان ئاراستەی دەسەڵات دەكەن

كارزان خەمگین/ مەخموور

دوێنێ چوارشەممە كاتژمێر ١٠ی بەیانی لەهۆڵی چالاكی قوتابخانەكانی پەروەردەی مەخموور، قایمقامیەتی مەخموور كۆڕێكی جەماوەری بۆ خەڵكی دەڤەرەكە سازكرد، كە تیایدا حیزبو لایەنە سیاسییەكانو دەزگاكانی ڕاگەیاندنو كەسایەتی ڕۆشنبیریو جەماوەرێكی فراوانی خەڵكی مەخموور لەكۆڕەكە بەشداربوون، ئەمەو وێڕای ئامادەبوونی قایمقامی مەخموور تەواوی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیو فەرمانگەكانی حكومی مەخموور ئامادەبوون.

لەسەرەتادا قایمقامی مەخموور ئەو پڕۆژانەی خستە ڕوو، كە جێبەجێكراون یان بڕیاری جێبەجێكردنی بۆ دراوە، هەروەها توانرا كێشەو گرفتە سیاسیو خزمەتگوزارییەكان قسەو باسی لێوە بكرێت، (ئاسۆ مەحموود) خوێندەڤانی كۆلێژ كە یەكێك بوو لەبەشداربوان وتی "لەو كۆڕە دەتوانرێ باسی هەموو شتێك بكرێ بەڵام قایمقام ناتوانێ متمانەی تەواوی خەڵك بەدەست بێنێ، چونكە خەڵك سەیری كارەكانی دەكات"، ئەو خوێندەڤانە هۆكاری چۆڵبوونی مەخمووریش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە كە "قایمقام و بەرپرسانی فەرمانگە حكومییەكان لەمەخموور دانانیشنو لەئێشو ئازاری خەڵك بێ ئاگان".

لەلای خۆیەوە (شێخ عەبدولموتەلیب محەمەد) كۆبوونەوەكەی بە ئەرێنی ناوبردو وتی "خەڵك توانیان ئەو كێشەو گرفتانەی هەیە بیخەنەڕوو، بەرپرسانی لێ ئاگاداربكەنەوە".

بۆ ئەم مەبەستە (ئیبراهیم شێخەڵڵا) قایمقامی مەخموور بەوەكالەت بە(دەنگی مەخموور)ی ڕاگەیاند، كە كێشە كەڵەكەبووەكانی مەخموور پێویستی بەدانیشتنێكی دوورودرێژبوو، و وتی "ئەو گرفتانەی هەبوون جەماوەری نێو كۆڕەكە خستیانە ڕوو، ئێمەش بە سینگێكی فراوان لێمان وەرگرتنو وەڵامان دانەوە"، هەروەها وتیشی "هەوڵ دەدەین ئەم جۆرە كۆڕە جەماوەرییانە بەردەوام بێو بەلایەنی كەمەوە دوومانگ جارێك لەگەڵ خەڵكی ناوچەكە كۆببینەوە، لەبەرئەوەی كێشە زۆر ماوە باسی بكەین"، شایەنی ئاماژە پێكردنە ئەم كۆڕە لەدوای ئەو هەوڵە هاتە ئەنجام، كە بەر لەچەند ڕۆژێك هەوڵێك بۆ خۆپیشاندانێكی جەماوەری لەمەخموور لەئارادابوو.

لەڕێگەی نامەی مۆبایل داوا لەخەڵكی مەخموور دەكرێت خۆپیشاندەن بكەن

تایبەت بە دەنگی مەخموور

ئاگادارییەك لەڕێگەی كورتەنامەی مۆبایل بەژمارەیەكی كۆرەك تیلیكۆم كە ژمارەكەی لەلایەن "دەنگی مەخموور" پارێزراوە ڕایگەیاندبوو كە بڕیارە ڕۆژی یەك شەممە ٢٠١١/٩/١٠ كاتژمێر (٩)ی بەیانی خۆپیشاندان لەمەخموور ساز دەكرێت، هەر لەكورتەنامەكەدا هاتبوو "خۆپیشاندانەكە لەڕۆژی دیاریكراو سازدەكرێ".

لەو بارەیەوە (ئیبراهیم شێخەڵڵا) قایمقامی قەزای مەخموور بەوەكالەت بە"دەنگی مەخموور"ی ڕاگەیاند "ئێمە هیچ مۆڵەتێكی خۆپیشاندانمان نەداوە، بەڵام ئاگاداری ئەوەین دوو هاوڵاتی هاتن داوای مۆڵەتی خۆپیشاندانیان كردووە، بەڵام ئێمە قسەمان لەگەڵیان كردووەو هاتوونەتە قەناعەت كە لەبەرامبەر خۆپیشاندان كۆبوونەوەیەكی جەماوەری لەگەڵ خەڵكی ناوچەكە سازبكەین".

ڕۆژنامەنووسێكیش پێی وایە ئەم هەوڵە لەئەنجامی بوونی بۆشاییەكە لەنێوان ئیدارەی مەخموورو خەڵكی ناوچەكە، هەروەك گوتیشی "هەرچی زووە پێویستە كۆڕێكی جەماوەری فراوان بۆ قایمقامیەتو بەرپرسانی حكومی بكرێتو تیایدا خەڵكی ناوچەكە داواكاریو سەرنجو پێشنیارەكانی خۆیان ڕاستەوخۆ بخەنە ڕوو".

هاوڕێ یوسف ئەندامی كەمپینی داكۆكیكردن لەمافە ڕەواكانی هاوڵاتیانی مەخموور دەڵێت "لەسەرەتای دامەزراندنی كەمپینەكەمان (٢٠) خاڵمان داوە بەحكومەتو لایەنی پەیوەندیدار، بەڵام چەند ڕۆژێكە چەند كەسانێكی نەناسراو ویستوویانە بەناردنی كورتەنامە بۆ خەڵك بەشێوەیەكی گێرەشێوێن ڕێپێوان بكەن، بەبێ ئامادەكردنی یاداشتو دانانی بەرنامەیەكی پێشەكی بۆ ئەو مەسەلەیە"، ڕاشیگەیاند "ئێمە هیچ كات پشت لەداواكارییەكانی خەڵكی مەخموور ناكەینو بەئاشكرا كەمپینمان ڕاگەیاندووەو ئەگەر خۆپیشاندانیش بكەین بەشێوەیەكی ئاشكرا دەیكەین".

شایانی باسە هەمان ژمارە دوای دوو ڕۆژ بەكورتەنامەیەكی تر كە بۆمان ڕەوانە كراوە، تێیدا ناوی چوار كەسایەتی مەخموور هاتووە كە ئەوانە بوونەتە هۆی ئەوەی خۆپیشاندان نەكرێت.

داوادەكرێت ناوچە دابڕێندراوەكان لەپەرلەمانی كوردستان ئەندامیان هەبێت

گروپێك بە ناوی گروپی كۆنگرە لە شارۆچكەی خانەقین كۆبوونەوەیەكی فراوانی بەبەشداری ژمارەیەك لە چالاكوانی مەدەنیو ڕۆشنبیرو كەسانی حزبی بۆ خستنەڕووی كێشەو گرفتی هاوڵاتیانی ناوچە جێناكۆكەكان ڕێكخستو لەبەیەیاننامەیەكیشدا داوایان كرد ناوچە جێناكۆكەكان ئەندامیان هەبێت لەپەرلەمانی كوردستان.

لەمبارەیەوە جەبار عەلی یەكێك لەڕێكخەری كۆبونەوەكەو ئەندامی گروپی كۆنگرە بەئاژانسی پەیامنێری ڕاگەیاند "لەهۆلی كەلتوری شارۆچكەی خانەقین كە ژمارەیەكی زۆر لە چالاكوانو كەسانی حیزبیو ڕۆشنبیری شارەكە ئامادەی بوون كۆبونەوەیەك بۆ خستنە ڕووی كیشەو گرفتی ناوچە جێناكۆكەكان بەڕێوەچوو"، گوتیشی "لەلایەن گروپەكەمانەوە بەیاننامەیەك لەكۆبونەوەكەدا خوێندرایەوە كە تێیدا هاتبوو، هەوڵ بدرێت بۆ دۆزینەوەی میكانیزمێك بۆ زوو جێبەجێكردنی مادەی ١٤٠و پێویستە ناوچە جێناكۆكەكان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان نوێنەریان هەبێت لەپەرلەمانی كوردستان"، ڕاشیگەیاند "لەبەشێكی دیكەی بەیاننامەكەی گروپی كۆنگرەدا هاتبوو گۆڕینی زاراوەكانی ناوچە دابڕاوەكانو جێناكۆكەكان بەناوچە كوردستانییە جێناكۆكەكانو ناوچە دابڕێنراوەكان".

هاوكاتیش داواكرابوو لە هەرێمی كوردستاندا هاوڵاتیانی جێناكۆكەكان بەهاوڵاتی پلە دوو حساب نەكرێن، هاوڵاتیانی كوردی ناوچە دابڕێندراوەكان تائێستا زۆرترین كێشەیان هەیە لەنێوان حكومەتی هەرێمو حكومەتی عێراق لەڕووی ڕایی كردنی كارە ئیدارییەكان.

بەیاننامەی ناڕەزایی كەمپینی مەخموور

جەماوەری تێكۆشەر و نەتەوە پەروەری كوردستان
ڕێكخراوە نێودەولەتیەكای مافی مرۆڤ و نەتەوە یەكگرتوووەكان
سەروكایەتی پەرلەمان و حكومەت هەرێمی كوردستان

وەك لای هەمووتان ئاشكرایە ماوەیەكە ڕژێمی كۆماری ئیسلامی ئێرانو بە بیانووی جۆراوجۆر بۆردومانی ناوچە سنورییەكانی كوردستان دەكاتو زەرەرو زیانێكی مادیو مرۆیی لێكەوتەوە.

لەكاتێكدا هێرشەكانی ڕژێمی ئێران بەردەوامە بۆ سەر خاكی كوردستانی باشور چەند ڕۆژێكە ڕژێمی توركیاش بە بڕو بیانووی بوونی هێزی گەریلاكانی پارتی كرێكارانی كوردستان قولایی خاكی كوردستان بۆردومان دەكاتو بۆتە هۆی ئاوارەبوونی سەدان خێزانو شەهیدبوونی چەندین هاولاتی مەدەنی كەتیایاندا ژنو منداڵ هەن! ئەمە جگە لەوەی زەرەرو زیانیكی زۆری مادیش بەر جوتیاران و ژینگەی كوردستان كەوتووە.

ئێمە لەكەمپینی داكۆكیكردن لەمافە ڕەواكانی هاوڵاتیانی مەخموور ئیدانەی ئەم هێرشانەی هەردوو وڵاتی دیكتاتۆر دەكەینو بەجۆرە پلانێكی دەزانین بۆ لەباربردنی ئەزمونی هەرێمی كوردستانی باشوور.

ئەوەی جێگەی نیگەرانی ئێمەیە تا ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان بەپێی پێویست كاردانەوەی جدی نەبووە لەئاست ئەم هێرشانە. بۆیە ئێمە لێرەوە جەخت لەسەر ئەوە دەكەینەوە كەپێویستە حكومەتی هەرێم سەرۆكایەتی پەرلەمان فشارێكی نێودەوڵەتی دروست بكەن بۆ ڕاگرتنی ئەم هێرشە دڕندانەی هەردوو ڕژێمی ئێران و توركیا.

لەهەمانكاتدا داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین هەرچی زووترە هاوكاری ماددیو مەعنەوی ئاوارەكان بكات بۆ باشتركردنی ژیانیان، داوا لەسەرجەم چینو توێژەكانی كوردستانیش ئەكەین بەهەموو شێوازێك فشاری مەدەنیو چالاكی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن بۆ ڕاگرتنی ئەم هێرشانە.

بژی كورد..بژی كوردستان

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی كوردستان

كەمپینی داكۆكیكردن لەمافە ڕەواكانی هاوڵاتیانی مەخموور

٢٠١١/٩/١٠